Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1117

# پێواژۆ فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)

دڵشاد غالی سالەح[١]، محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید[٢]

١- بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | December, 2023 |
| Revised: | January, 2024 |
| Accepted: | February, 2024 |

**Keywords**

**پێواژۆ، یاسای فۆنۆلۆژیی، دیاردەی فۆنەتیکیی، فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی، وشەدروستکردن**

**Corresponding Author**

**dlshad.ghali@garmian.edu.krd**

## پوختە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی "پێواژۆ فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)"دایە، کە لە دوو بەشی سەرەکیی پێکدێت و لێکۆڵینەوەیە لە فۆنۆلۆژیی لە پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا. بەتایبەتیش لێکۆڵینەوەیە لە یاسای ئەو پێواژۆیانەی بەسەر وشە دروستکراو و هەڵگوێزراوەکاندا دێن و جیاکردنەوەیان لە یاساکانی پێواژۆ سینتاکسییەکان. ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی پەیوەندیی فەرهەنگ و فۆنۆلۆژیی بە پێکهاتەی ناوەوەی مۆرفۆلۆژیی و پەیوەندیی بە پێکهاتەی سینتاکسەوە. لەگەڵ ئەوانەیشدا، لێکۆڵینەوەکە بەسەر پێڕەوی کرمانجیی ناوەڕاستدا جێبەجێدەکرێت (تەتبییقدەکرێت). ڕێبازە سینکرۆنیەکەی لێکۆڵینەوەکە پەسنکەرانەی شیکەرەوەییانەیە **descriptive analysis** و ڕێبازی بەراوردکاریشی بۆ دەگیردرێتەبەر. لێکۆڵینەوەی ئەزموونبەندانە لەسەر نموونە و داتاکانی زمانەکە دەکرێت، واتە لەسەر ئەوانەی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و سوودیش لە لێکۆڵینەوەکانی ڕێزمانەوان و زانایانی زانستی زمان دەبینرێت، کە لەسەر ئەم زمانە کردوویانە. لێکۆڵینەوەکە بەپێی تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی دێتەجێبەجێبوون و ڕاڤەدەکرێت.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکیی و ئەنجام لە دوو بەشی سەرەکیی پێکدێت.

بەشی یەکهەم: بەوردیی باسی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی دەکات و لەڕوانگەی تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییەوە.

بەشی دوهەم: تەرخانکراوە بۆ پێواژۆ فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکان لە زمانی کوردییدا لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی پێویستدا.

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەیشدا، ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی عارەبیی و ئینگلیزیی و دەخرێنەڕوو.

## پێشەکی:

زانستی زمان بایەخ بە دەنگەکانی زمانی مرۆڤ دەدات و لەڕێگەی پەیوەندیی دەنگەکان بەیەکترییەوە ڕۆڵی فۆنۆلۆژیی بەباشی دەردەکەوێت. هەمبەری فۆنیمەکانیش واتای وشەکان دروستدەکەن، کە ئەمانە واتا دەگۆڕن و لەم ڕێگەیەوە واتای وشە جیاوازەکان دەزانرێن. لێرەدا، پەیوەندیی و چۆنییەتی کارکردنی فۆنۆلۆژیی بە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییەوە لەگەڵ پەیوەندی فۆنۆلۆژیی بە سینتاکسەوە دەخرێنەڕوو. لەمبارەیەوە، تیۆری 'مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی-Lexical phonology and morphology'، کە بە تیۆریی 'فۆنۆلۆژی فەرهەنگیی- Lexical phonology'یش ناودەبرێت، لە پەیوەندی نێوان هەردوو پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ فەرهەنگدا دەکۆڵێتەوە (بڕوانە: Kiparsky, P. 1982a; Kiparsky, P. 1982b & Mohanan, K. P.1985).

بەمشێوەیە، فەرهەنگ ڕۆڵی سەرەکی لە تیۆریی فۆنۆلۆژی فەرهەنگییدا هەیە، کە هەموو پێواژۆ یاسابەندەکان بە یاسا ڕێزمانییەکان جێبەجێدەبن و لەناو فەرهەنگدا ئامادەکراون، تەنانەت فەرهەنگ یاسای فۆنۆلۆژیی و زانیاری فۆنۆلۆژیی و ڕێزمانی و سیمانتیکی ئایدیۆسینکراسیشی لەخۆگرتووە، مەبەست لە زانیارییەکانیش، مۆرفیمەکان و دانە فەرهەنگییەکانن (بڕوانە: Katamba, F. 1989). زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان بۆ ئاخێوەری زمان گرنگن، بۆئەوەی بزانێت، چۆن وشەکان گۆدەکرێن و دەردەبڕدرێن. هەروەها 'نواندنی فەرهەنگیی-Lexical representation'، کە 'خشتەی نیشانە جیاکەرەوەکان-

'distinctive features'ی تێدایە، نواندنی خودی سەگمێنتەکانە(ئەو سەگمێنتانەی کە وشەکان دروستدەکەن). وەکوو وشەی /دەم/، خشتەی نیشانە جیاکەرەوەکانی لە دەنگەکانی/د/+/ه/+/م/ پێکدێت، کە هەریەکێک لە ئەم دەنگانە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و لەیەکتر جیاوازن، بۆنموونە دەنگی /د/ [+گیراو، +پوکی، +دەنگدار]ەو جیاوازە لە دەنگی /م/، کە [+لوتی، +لچولێوی +دەنگدار]ە.

## بەشی یەکەم: پەیوەندی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی بە پێواژۆی وشەدروستکردنەوە

### تەوەری یەکەم: فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی

فۆنۆلۆژیی پێکهاتەیەکی رێزمانە و لقێکی زانستی زمان، لە سیستەمی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێک و چۆنیەتی گۆکردنی(بەجێهێنانی ئەرکی) فۆنیمەکان دەکۆڵێتەوە. گۆکردنی فۆنیمەکان بۆ جیاکردنەوەی واتا و دروستکردنی وشەیە، بەتایبەتی وشە بنەڕەتییەکان. کەواتە، لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژیی لە چۆنیەتی ڕیزبوون و پێکەوەهاتنی فۆنیمەکان لە وشە و فرێزدا بۆ دروستکردنی واتا دەکۆڵێتەوە. مۆرفیمەکانی زمانیش لەناو بەشی یادگەی مێشکی مرۆڤدا تۆماردەبن، کە بە 'فەرهەنگی ئاوەزیی-mental lexicon' دەناسرێت. دواتر، قسەپێکەران لەڕێگەی پرۆسەکانی فەرهەنگی ئاوەزیی و ئەندامانی ئاخاوتنیانەوە مۆرفیمەکان دەدرکێنن. دەربڕینی ئەو مۆرفیمانەیش وەکوو یەکەیەکی 'یەکگرتوو-union'، خاوەنی فۆڕمی فۆنۆلۆژیی و هەڵگری واتان، کە لە مێشکی قسەپێکەرانی زمانداندا و بەشێوەیەکی ڕیزکراو گۆدەکرێن و دەردەبڕدرێن. بەمپێیە، قسەپێکەرانی یەکەمی زمان، واتای وشە و جۆری نواندنەکانیان بۆ فۆرمە فۆنۆلۆژییەکانیان بەشێوەیەکی دروست گۆدەکەن و دەردەبڕن. بۆنموونە مورفیمی /گۆرانیوتن-song/ لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزییدا بوونی هەیە و دەزانن واتای وشەکە چییە، لەهەمانکاتدا بەگوێرەی فەرهەنگی قسەپێکەرانی زمانەکە 'نواندنێکی ئاوەزیی- Mental Representation'یان بۆ فۆرمە فۆنۆلۆژییەکەی هەیە. بەمشێوەیە ڕووندەبێتەوە، کە ئەو یەکە یەکگرتووەی واتای فۆڕمی مۆرفیمەکە پیشاندەدات بەتەواوی هەڕەمەکییە و ئەو فۆرمە فۆنۆلۆژییەیش پەیوەندییەکی پتەوی بەواتاکەیەوە نییە (بڕوانە: Carr, P., 2015).

ئاشکرایە، دەنگە لوتیەکانی /m/ و /n/، لە مۆرفیمەکانی /map/ و /input/دا، لەکاتی گفتوگۆکردنی سروشتی ئاخێوەرانی یەکەمی زمانی ئینگلیزییدا، لچولێوین. بەڵام لەپشت ئەم ڕاستییە فۆنەتیکییەوە دوو ڕاستی دیکەی فۆنۆلۆژییش هەن:

یەکەم: دەنگی لچولێویی /m/ لە وشەی /map/دا بەگوێرەی 'جێبەجێبوونی یاسا - Rule governed'ی زمانی ئینگلیزیی نییە و وشەی /map/ بە دەنگی لچولێویی /m/ دەستپێکردووە، بۆیە بەو شێوەیە گۆدەکرێت و دەردەبڕدرێت.

دوهەم: دەنگی لچولێوی /m/ لە مۆرفیمی /input/دا لەئەنجامی بەیەکگەیشتنی پێشگری /in/ و مۆرفیمی /put/دا دروستدەبێت، کە ئەمەیان بەگوێرەی 'جێبەجێبوونی یاسا - Rule governed'ی زمانی ئینگلیزییە و هەڕەمەکی نییە. لە ئەم دوو حاڵەتەدا، کە یەکەمیان 'هەڕەمەکی-arbitrary'یە و دووهەمیان پێشبینیکراوە، کە بەگوێرەی یاسا و ڕێساکانی زمانی ئینگلیزییە.

لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە دەنگی /m/ لە مۆرفیمی /input/دا کۆدهەڵوەشاندنەوەی بۆ دەکرێت، لەڕێگەی پێکهاتە فۆنۆلۆژییەکەیەوە دەردەکەوێت، کە دەنگی /m/ وەک دەنگی /n/ لەفەرهەنگدا تۆماردەبێت. بەڵام دەنگی /m/ لە وشەی /map/دا لەڕێگەی فۆڕمی فۆنۆلۆژیی وشەکەوە وەک دەنگی /m/ لە فەرهەنگدا تۆماردەبێت، بەبێ بوونی ناوەندی 'یاسای لێکچوونی لووتی-Nasal assimilation rule' (بڕوانە: Katamba, F., 1989).

داتاشین و دروستکردنی وشەی نوێ لە وشەی فەرهەنگییەوە، پێویستی بە یاسا و ڕێسای زمانیی دەبێت. هەر زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی فەرهەنگ و مەرجە فۆنۆتاکتیکییەکانی وشەی نوێ لە وشە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدەهێنێت. فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییش ئامانجیان ڕونکردنەوەی شێوەی دەنگەکانی مرۆڤە، هەردوو زانستەکەیش نواندنی جیاجیان بۆ نواندنە دەنگییەکانی زمان هەیە. بەمشێوەیە، 'نواندنی فۆنەتیکی- phonetics representation'، نووسینی فۆنەتیکی دەگرێتەوە، کە نواندنی بینراوی دەنگەکانی مرۆڤە و بەرپرسە لە پەسنکردنی دیاردە فیزیکییە دەنگییەکان. بەربڵاوترین جۆری ' نووسینی فۆنەتیکی-phonetics transcription'یش ئەلفوبێی فۆنەتیکیی جیهانییە. بەڵام 'نواندنی فۆنۆلۆژیی- phonology representation'، ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دروستدەبن بۆ دروستکردنی وشە و بەرپرسە لە چۆنیەتی پەسنکردنی جیاوازیە دەنگییەکانی زمانێکی دیاریکراو بۆ گەیاندنی واتا. بەهۆی دەنگەکانی زمانیشەوە، دەتوانرێت یەکەی گەورەتر دروستبکرێت و گۆڕینەوەی بیرورا لەنێوان ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراودا دروستببێت (بڕوانە: Pierrehumbert, J., 1990).

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوەیش بدرێت، کە دەنگە کۆنسۆنانتەکان بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ 'سێ پارامیتەری پەسنی-three descriptive parameters' دیاریدەکرێن، کە 'باری دەنگداریی- voicing state'، 'شوێنی دروستبوونی دەنگەکان-place of articulation' و 'چۆنێتی دەربڕینی دەنگەکان-manner of articulation' دەگرنەوە. لێرەدا مەبەست لە باری دەنگداریی ئەوەیە، کە زۆربەی دەنگە کۆنسۆنانتەکانی زمان لەڕێگەی [+/-دەنگداریی]ەوە دەستنیشاندەکرێن. هەروەها شوێنی دروستبوونی دەنگەکانیش ئەوەیە، کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت ئەو ئەندامانەی ئاخاوتن دەستنیشانبکرێن، کە هۆکارن بۆ دروستبوونی دەنگەکان. لەگەڵ ئەمانەیشدا چۆنێتی دەربڕینی دەنگەکانی زمان، بەگوێرەی ڕێژەی قەتیسبوونی هەوا لە ڕێڕەوی هەوادا و بەهۆی جوڵانەوە و نەجوڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەستنیشاندەکرێن. لەمبارەیەوە زمانەوان فلیپ کار سێ ڕێسای سەرەکیی دەخاتەڕوو:

1- داخستنی گەروو بەتەواوەتیی، ئەو شوێنەیە کە بەهۆی بەشێک لە ئەندامانی ئاخاوتنەوە ڕێڕەوی هەوا لە گەرودا بەتەواوەتیی دادەخرێت، ئەم دەنگانەیش بە دەنگە (گیراوەکان/تەقاوەکان- plosives) یان (وەستاوەکان- stops) دەناسرێن.

2- داخستنی گەروو بەنزیکەیی، ئەو شوێنەیە، کە هەندێک لە ئەندامانی ئاخاوتن زۆر لەیەکدی نزیکدەبنەوە، بەبێ ئەوەی ڕێڕەوی هەوا لە گەرودا بەتەواوەتیی دابخەن، بەهۆی ئەمجۆرە لێکخشاندنەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە ڕێڕەوەی هەوا لە گەرودا و ناجێگیریی دەرچوونی هەواوە دەنگە (خشۆکەکان-fricatives) دروستدەبن.

3- کرانەوەی گەروو بە نزیکەیی، ئەو شوێنەیە، کە ئەندامانی ئاخاوتن لە گەرودا ئەوەندە لەیەکەوە نزیک نیین، بۆئەوەی لێکخشاندنی نێوان ئەندامانی ئاخاوتن دروستببێت، بەڵکوم ڕێڕەوی هەوا بەهۆی تەوژمی بای سییەکانەوە لە گەرودا بە ئاسایی و بەبێ گرفت هاتوچۆدەکات، ئەمجۆرە دەنگانەیش کە لێرەدا دروستدەبن بە [+دەنگدار]ەکان دەناسرێن(بڕوانە: Carr, P., 2015).

## تەوەری دوهەم: پێواژۆی وشەدروستکردن

داتاشین و دروستکردنی وشەی نوێ لە وشەی فەرهەنگییەوە، پێویستی بە یاسا و ڕێسای زمانیی دەبێت. هەر زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی فەرهەنگ و مەرجە ڕێزمانییەکانی کۆمەڵێک وشەی نوێ لە وشە فەرهەنگییەکانەوە دروستدەکات. بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزییدا وشەی /نیشانەدەکات یان نیشانە-sign/، کە وەکوو هەردوو پۆلەڕەگەزی 'ناو'، 'کردار' بەکاردەهێنرێت و بەپێی شوێنی دەرکەوتنی وشەکە لە دەقدا دیاریدەکرێت. هەروەها، دەکرێت بەهۆی زیادکردنی پاشگرەوە، گۆڕانکاریی بەسەر دروستە و پۆلەڕەگەزی وشەکەدا بێت، کە بەهۆی پاشگری /-ature/ەوە ناوی /نیشانە-signature/ی لێدروستبکرێت، بەهۆی پاشگری /-al/ەوە ناوی /نیشانە-signal/ دروستدەبێت و بەهۆی پاشگری /-ify/ەوە کرداری /نیشانەدەکات-signify/ی لێدروستبکرێت. دەتوانرێت ئاماژە بەوەیش بدرێت، کە زنجیرە نابڕگەیی /gn/ وادەکات، کە تاک-دەنگی /i/ بە دوو-دەنگی /ai/ گۆبکرێت و دەربڕدرێت، بەمهۆیەشەوە نابڕگەیی /g/ تێدادەچێت. بەڵام کاتێک پاشگر بۆ وشە لێکسیکییەکە زیاددەکرێت و زنجیرە نابڕگەیی /gn/ ناکەویتە کۆتایی وشەوە، دەنگی /g/ لە وشەدروستکراوەکەدا گۆدەکرێت و دەردەبڕدرێت. دەکرێت تێبینی ئەوەیش بکرێت، کە نواندنی پشێپبەستراوی وشەی /نیشانەدەکات یان نیشانە-sign/ ئەرکی واتایی هەیە و جیاوازە لە فۆرمی فۆنەتیکیی [sain]، کە لە کاتی ئاخاوتنی سروشتی ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزییدا گۆدەکرێت و دەربڕدرێت. خستنەڕووی نواندنی پشێپبەستراوی وشەی /نیشانەدەکات یان نیشانە-sign/، تەنها لەبەرئەوە نییە، کە لەلایەنی فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکییەوە پەیوەندی بە وشەکانی تری وەکوو /نیشانە-signature/، /نیشانە-signal/ و /نیشانەدەکات-signify/ەوە هەیە، بەڵکوم لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەستەکانی تری وەکوو کرداری /خراپەدەکات-*malign*/، کە پاشگری /-ant/ی بۆ زیاددەکرێت، دەبێت بە ناوی /خراپەکار-*malignant*/، هەروەها ئاوەڵناوی /بەبەزەیی-*benign*/، کاتێک پاشگری /-ant/ی بۆ زیاددەکرێت، هەر لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناودا دەمێنتەوە و دەبێت بە / بەبەزەیی-*benignant*/. ئەم وشانەیش لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە هەمان (شێوەی گۆڕاو-alternation)یان هەیە، کە دەنگی /g/ لە وشە بنەڕەتییەکاندا گۆناکرێت و دەرنابڕدرێت، بەڵام بەزیادکردنی پاشگر و کاتێک لە کۆتایی وشەدا نییە، بەئاسایی گۆدەکرێت و دەربڕدرێت. شێوەی گۆڕاوی ئەم وشانەیش، ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە بەپێی یاسای زمانەکە ڕێکدەخرێن و تەنها تایبەتمەندیی ناوازەی فۆرمی /نیشانەدەکات یان نیشانە-sign/ نییە (بڕوانە: Katamba, F., 1989).

بەمشێوەیە چینە فەرهەنگییەکانی مۆرفۆلۆژیی، پەیوەندی نێوان دیاردەکانی نێوان پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی دەخەنەڕوو. دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانیش، لە زۆر باردا دەبن بە بنچینە بۆ جێبەجێکردن و دەرکەوتنی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان. مۆرفیمەکانی زمان، کە لە وشە و لاگرەکان پێکدێن، نواندنی قوڵ و بنەڕەتیان لە فەرهەنگدا هەیە. بۆنموونە وشەکانی /کوشتن/، /خستن/، /ناڵە/، /دەست/ نواندنی فۆنۆلۆژییان لەفەرهەنگدا هەیە و بەم نواندنە فۆنۆلۆژیی(بنەڕەتیی)ەوە دێنەناو مۆرفۆلۆژییەوە و وشەیان لێدروستدەکرێن، لەهەمانکاتدا، بەهەمان نواندنی فۆنۆلۆژییەوە دێنە ناو سینتاکسیشەوە و ڕستەیان لێبەرهەم دەهێنرێن (بڕوانە: محەمەدی مەحوی، 2021). بۆنموونە وشەی /کوشتن/ وەکوو ناوی کرداریی لە فەرهەنگدا بوونی هەیە و وشەیەکی بنەڕەتییە، کاتێک دەهێنرێتە ناو مۆرفۆلۆژییەوە بۆ وشەدروستکردن، ڕەگی وشەکە /کوش/ لەگەڵ ناوێکی وەک /پیاو/دا، وشەی لێکدراوی /پیاوکوژ/ی لێدروستدەکرێت، هەر لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە قەدی /کوشت/ لەگەڵ پاشگری /ە/دا، وشەی هەڵگوێزراوی /کوشتە/ی لێدروستدەکرێت. بەڵام کاتێک وشەی /کوشتن/ لە فەرهەنگەوە دەهێنرێتەناو سینتاکسەوە بۆ ڕستەبەرهەمهێنان، دەتوانرێت ڕستەی جیاوازی لێبەرهەم بهێنرێت، وەک لە ڕستەی (پۆلیسەکە دزەکەی کوشت) و ڕستەی (پۆلیسەکە دزەکە دەکوژێت)دا دەردەکەوێت، کە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە. ڕستەی یەکهەم کاتی ڕابوردوو و کەسی لکاو بۆ (کەسی سێهەمی تاک) دەردەخات، لەکاتێکدا ڕستەی دوهەم بۆ کاتی ڕانەبوردووەو لە /دە-/ی نیشانەی بەردەوامی و ڕەگی /کوش/ و نیشانەی کەسی لکاو بۆ (کەسی سێهەمی تاک) پێکدێت. هەروەها فەرهەنگ هێز و تەوژمی وشەکانی زمانیشی لەخۆگرتووە، کە هەموویان زانیاری فۆنۆلۆژیین و لە فەرهەنگدا تۆمارکراون.

هەروەها، دابەشبوونی ڤاوڵی کورت و درێژ تاڕادەیەکی زۆر لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا دیاریکراوە. فەرهەنگی زمانی کوردیی ئەو لاگرانە دیاریدەکات، کە کاردەکەنەسەر تەرزی هێزی ئەو وشانەی، کە پێیانەوە دەلکێن. بۆنموونە، پاشگری /-ی/[i] هێز لەو بناغەیەوە وەردەگرێت، کە پێوەی دەلکێت، وەکوو وشەی /شین/[ʃi:n]، کاتێک پاشگری /-ی/[i] پێوەدەلکێنرێت و دەبێت بە /شینیی/[ʃi.ni:]، هێز دەچێتەسەر پاشگرەکە. بەڵام پاشگری /-ن/[n]، هێز بە ڤاوڵی بناغە دەدات، وەکوو وشەی /گوپ/[gup]، کە پاشگری /-ن/ی دەخرێتەسەر، دەبێت بە /گووپن/[gu:.pɨn]، کە هێز دەچێتەسەر ڤاوڵی بناغەکە و لە فەرهەنگدا دیاریکراوە. لەگەڵ ئەوانەیشدا، پێشگرەکان لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا، کاریگەرییان لەسەر هێز نییە و بەزۆری هێز دەچێتە سەر پاشگرەکان، کە بە بناغەی وشەوە دەلکێن (بڕوانە: محەمەدی مەحویی، 2016). هەر لە فەرهەنگدا، لیستی ئەو وشانەیش هەن، کە یاسایەکی دیاریکراو نایانگرێتەوە و ناوازەن. هەروەها، لە فەرهەنگدا کاتیگۆری و وەچەکاتیگۆرییەکان جیاکراونەتەوە، چونکە هەندێک یاسای مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی، تەنها بەسەر کاتیگۆری هەندێک وشەدا جێبەجێدەبن. بۆنموونە وشەی /گوپ/[gup]، کاتێک پاشگری /-ن/[n]ی بۆ زیاددەکرێت، دەبێت بە /گووپن/[gu:.pɨn]، ڕەنگە ئەم یاسایە تەنها بەسەر ئەم وشەیەدا یان هەندێک وشەی تایبەت بە ئەندامانی جەستەدا جێبەجێببێت و هەمان یاسا بۆ وشەی تر نەگونجێت. هەروەها فەرهەنگی زمانی کوردیی، ئەوە دیاریدەکات، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ وشەی بیانیدا بکرێت. لەمبارەیەوە، زمانی کوردیی لە وشەدروستکردندا زۆر بەهەستیاریی مامەڵە لەگەڵ وشەی خۆماڵی و ناخۆماڵییدا دەکات. بۆنموونە ئەو وشانەی کە لە زمانی عارەبیی یان ئینگلیزییەوە وەرگیراون، بەدەرلەوەی کە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیی بەسەر وشە بیانییەکەدا جێبەجێدەبێت و گۆڕانکارییان بەسەردادەهێنێت، تەرزی هێزی زمانی عارەبیی یان ئینگلیزیش دەکرێت بە تەرزی هێزی زمانی کوردیی، کە فەرهەنگی زمانی کوردیی دیاریدەکات. ئەمەیش گرنگی فەرهەنگ دەردەخات، کە دەبێت بە تێکردە بۆ هەموو یاسا مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی و سینتاکسییەکان. بۆنموونە، لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە دەنگی /ʤ/ دەکرێت بە /ʒ/ ئەگەر ڤاوڵێکی لەپێشەوە بێت، وەک ڤاوڵی /i/ یان /e/ لە وشەی /مۆرفۆلۆجی/[mor.fo.lo.ʤi]، کە لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە و وشەی /وجدان/[wɨʤ.dan]، لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، دەبن بە /مۆرفۆلۆژیی/[mor.fo.lo.ʤi:] و /ویژدان/[wɨʒ.dan]. کەواتە، لە فەرهەنگدا ئەدگارە ڕێزمانییەکانی وشەکان هەن، کە کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (+ناو)، (+ئاوەڵناو) (+کردار)ن، چونکە ئەمانە تەنها بۆ پێواژۆی سینتاکسی گرنگ نیین، بەڵکو بۆ پێواژۆکانی فۆنۆلۆژییش لە وشەدروستکردندا گرنگن(بڕوانە: محەمەدی مەحوی، 2021).

ڕێگەیەکی سەرەکی بۆجیاکردنەوەی وشە فەرهەنگییەکان لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان ئەوەیە، کە پشت بە فۆرمە فۆنۆلۆژییەکانی مۆرفیمەکان دەبەسترێت وەک لێکردنەوەی نواندنی فۆرمە ڕوکەشەکان و هەموو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکان، بەڵکوم پشت بە هەموو یاسا فۆنۆلۆژییەکان دەبەسترێت، کە سەرچاوەی ئەم تایبەتمەندییانەن. ئاشکرایە، کە زۆربەی زمانەکانی جیهان وشەی خواستراویان هەیە، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزییدا پێواژۆی 'وشەڕۆنان-word formation' بابەتێکی زۆر هەستیارە بۆ جیاکردنەوەی وشەی ڕەسەنی زمانەکە لە وشە خواستراوەکان، بەتایبەتیش ئەو وشانەی کە لە زمانەکانی فەرەنسی و لاتینییەوە وەرگیراون(بڕوانە: Carr, P., 2015).

بەهۆی مۆرفیمەکانی وشە-هەڵگواستن و وشە-لێکدانەوە دروستبوونی وشەی نوێ فەرهەنگی دروستدەبێت، بەواتا، واتای وشە نوێیەکە وادەکات، بتوانێت ببێت بە وشەیەکی ناو فەرهەنگ. بۆنموونە بەهۆی وشە فەرهەنگییەکانی /دەست/[dəst]+ /ماڵ/[maɫ]ەوە وشەی /دەستماڵ/[dəst.maɫ] دروستدەبێت، کە وشەیەکی نوێی فەرهەنگییە. بەڵام لەڕووی فۆنۆلۆژیشەوە، پێواژۆی تێداچوونی دەنگی ڕوودەدات، لەبەرئەوەی دەنگی /t/ لە کۆتایی بەشی یەکەمی وشە لێکدراوەکەدا تێدادەچێت و دەبێت بە /دەسماڵ/[dəs.maɫ]. بەڵام، جاری وا هەیە وشەیەکی بنەڕەتی ناو وشە دروستکراوەکە واتا بنەڕەتییەکەی لەدەستدەدات، کاتێک لەگەڵ وشەیەکی دیکەی فەرهەنگییدا دەچنەپاڵ یەکتر. بۆنموونە لە وشەی /بندیوار/[bɨn.di.war]دا، کە لە /بن/[bɨn]+/دیوار/[di.war] پێکدێت، وشەی /دیوار/[di.war] واتاکەی لەدەستداوە، ئینجا وشەی /بندیوار/[bɨn.di.war]یش بەواتای /مرۆڤ/[mrov] دێت. کەواتە، وشە هەیە زوو دەبێت بە وشەی ناو فەرهەنگ، لەگەڵ ئەوەیشدا وشەیش هەیە درەنگ دەبێت بە وشەی ناو فەرهەنگ. لێرەدا، ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی وشە نوێیەکە لەلایەن خەڵکییەوە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، بۆئەوەی وشەیەک زوو یان درەنگ ببێت بە وشەی ناو فەرهەنگ.

## بەشی دووەم: پێواژۆ فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکان و یاساکانیان

### تەوەری یەکەم: پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان و یاساکانیان

پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا لە ئەنجامی هاوسێبوون و لێکدانی فۆنیمەکانەوە دێنەجێبەجێبوون. یاساکانیان چەندین گۆڕانکاری جیاواز بەسەر فۆنیمەکانی زمانەکەدا دەهێنن. "نواندن و خستنەڕوی یاسا فۆنۆلۆژیەکان تەنها پەیوەندیی و تێکچڕژانی هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی (مۆرفۆفۆنۆلۆژی) ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە وشەدروستکردن (مۆرفۆلۆژی) و ڕستەبەرهەمهێنانیشەوە (سینتاکس)". دابەشبوونی فۆنێمەکان لەناو برگەکانی وشەکاندا، بە دابەشبوونی تەواوکەرانەیشەوە complementary distribution ، ئایدیۆسینکراسیین idiosyncrasy و دەرکردەن، یاسای فۆنۆلۆژیی هەمانکاتیی synchronic نیین. دابەشبوونی برگەییە خاو tense vowels و گرژەکانی lax vowels سەرەوە لەگەڵ نابرگەییە گیراو و خشۆکە دەنگدار و کپەکان لە وشە فەرهەنگییە یەک-مۆرفێمیەکاندا باشترین نموونەن. ئەم دیاردە فۆنۆلۆژییانەی کرمانجی ناوەڕاست لە زمانی کوردییدا لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون و ڕاڤەدەکرێن.

یاسای ژمارە (1): [t] ← [ɸ]، [s] ← [z]

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ɸ]/__کۆتایی برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ɸ]/__[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]__[+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]

[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] ← [z]/__کۆتایی برگەی ناوەوە

[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]← [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]/__[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]__[+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]

1) /دەست/[dəst] + /گر/[gɨr] ← /دەزگر/[dəz.gɨr]

/دەست/[dəst] + /بڕ/[bɨʀ] ← /دەزبڕ/[dəz.bɨʀ]

لەم نموونانەدا، پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی و پێواژۆی تواندنەوە کاردەکەن. پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی دێتەجێبەجێبوون، کاتێک نابرگەیی /t/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]ەوە. لەهەمانکاتدا، پێواژۆی تواندنەوەی دواوە و 'تواندنەوەی کەمەکیی-partial assimilation' کاردەکات(بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، 1990)، لەبەرئەوەی نابرگەیی /g/ی [+دەنگدار] و نابرگەیی /b/ی [+دەنگدار] کاریگەری لەسەر نابرگەیی /s/ دەکەن و بۆ نابرگەیی /z/ی [+دەنگدار]ی دەگۆڕن، کاتێک نابرگەیی /z/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (2): [ə] ← [a] +[n] ← [ɸ]

[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ←[a]/__برگەی هێز لەسەری ناوەوە

[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ← [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]/__ [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] __ [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]

[+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ɸ]/__ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ɸ]/__ [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] __[+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]

2) /شەش/[ʃəʃ]+/انز/[anz]+/دە/[də] ← /شازدە/[ʃaz.də]

لەم نموونەیەدا، پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ و پێواژۆی تێداچوونی دەنگی کاردەکەن. پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ دێتەجێبەجێبوون و برگەیی /ə/ بۆ برگەیی /a/ و دەگۆڕێت، کاتێک برگەیی /a/ دەکەوێتە نێوان [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] و [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]ەوە. لەهەمانکاتدا، پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی جێبەجێدەبێت و نابرگەیی /n/ تێدادەچێت، کاتێک نابرگەیی /n/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]__[+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (3): [t] ←[ø]، [ʃ] ← [ʒ]

[+گیراو، +پوکیی، - دەنگدار] ← [ø]/ ____ کۆتایی برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، - دەنگدار] ← [ø]/___[+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو]____[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]

[+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشویی، -دەنگدار] ← [ʒ]/__کۆتایی برگەی ناوەوە
[+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشویی، -دەنگدار] ← [+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشویی، +دەنگدار]/__[+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو]___[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]

3) /پشت/[pɨʃt] + /دەر/[dər] ← /پژدەر/[pɨʒ.dər]

لەم نموونەیەدا، پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی و پێواژۆی تواندنەوە کاردەکەن. پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی دێتەجێبەجێبوون و نابرگەیی /t/ی بەشی یەکەمی وشە هەڵگوێزراوەکە تێدادەچێت، کاتێک نابرگەیی /t/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو] و [+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]ەوە. لەهەمانکاتدا، پێواژۆی تواندنەوەی دواوە و بەتایبەتیش تواندنەوەی کەمەکی جێبەجێدەبێت، نابرگەیی /d/ی [+دەنگدار] بەهۆی هاوسێیەتییەوە کاریگەری لەسەر نابرگەیی /ʃ/ی [-دەنگدار] دەکات و نابرگەیی /ʃ/ بۆ نابرگەیی /ʒ/ی [+دەنگدار] دەگۆڕێت، کاتێک نابرگەیی /ʒ/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو] و [+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]ەوە.

یاساکانی ژمارە (1) تاوەکوو ژمارە (3) یاسای پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی نابرگەییەکانن لە وشەی لێکدراودا.

یاسای ژمارە (4): ا- [t] ←[ø]، [s] ← [z]
[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ø]/ ____ کۆتایی برگەی ناوەوە
[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ø]/___[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]____[+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]
[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [z]/__کۆتایی برگەی ناوەوە
[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]← [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]/__[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]__[+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]

4) /دەست/[dəst]+ /گا/[ga] ← /دەزگا/[dəz.ga]

لەم نموونەیەدا، پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی و پێواژۆی تواندنەوە کاردەکەن. پێواژۆی 'تێداچوونی دەنگیی-syncope rule' دێتەجێبەجێبوون و نابرگەیی /t/ی بەشی یەکەمی وشە هەڵگوێزراوەکە تێدادەچێت، کاتێک نابرگەیی /t/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]ەوە. لەهەمانکاتدا، پێواژۆی تواندنەوەی دواوە و بەتایبەتیش تواندنەوەی کەمەکی جێبەجێدەبێت و نابرگەیی /g/ بەهۆی هاوسێیەتییەوە کاریگەری لەسەر نابرگەیی /s/ی [-دەنگدار] دەکات و بۆ نابرگەیی /z/ی [+دەنگدار] دەگۆڕدرێت، کاتێک نابرگەیی /z/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]ەوە.

ب- [s] ← [z]
[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [z]/__کۆتایی برگەی ناوەوە
[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]← [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]/__[+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو]__[+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]

5) /مس/[mɨs]+/گەر/[gər] ← /مزگەر/[mɨz.gər]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی تواندنەوەی دواوە و بەتایبەتیش 'تواندنەوەی کەمەکیی-partial assimilation' کاردەکات، نابرگەیی /g/ لەگەڵ نابرگەیی /z/دا، کە دوو نابرگەیی [+دەنگدارن]، زیاتر بەیەکەوە دەگونجێن، بۆیە لەم بارەدا نابرگەیی /s/ کە نابرگەییێکی [-دەنگدار]ە بۆ نابرگەیی /z/ دەگۆڕێت، کاتێک نابرگەیی /z/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو] و [+گیراو، +نەرمە مەڵاشویی، +دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (5): ا- [d] ← [z]
[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [z]/__سەرەتای برگەی ناوەوە
[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]/___[+خشۆک +پوکیی، +دەنگدار]___[+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]

6) /ساز/[saz] + /دان/[dan] ← /سازژان/[saz.zan]

لەم نموونەیەدا، پێواژۆی تواندنەوەی پێشەوە و بەتایبەتیش تواندنەوەی هەمەکیی کاردەکات، نابرگەیی /z/ی [+دەنگدار] بەهۆی هاوسێیەتییەوە کاریگەری لەسەر نابرگەیی /d/ی [+دەنگدار] دەکات، کاتێک دەنگی /z/ دەکەوێتە نێوان [+خشۆک +پوکیی، +دەنگدار] و [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]ەوە. لێرەدا دەکرێت ئەوەیش بخرێتەڕوو، کە لە پێواژۆی 'تواندنەوەی پێشەوە-Progressive Assimilation'دا تەنها نابرگەیی /d/ بۆ نابرگەیی /z/ ناگۆڕێت، بەڵکوو لە وشەی ناسادەدا، ئەگەر کۆتایی مۆرفیمی یەکەم بە یەکێک لە نابرگەییەکانی /z/،/w/،/n/،/ɫ/،/r/ کۆتایی هاتبێت و دەنگی یەکەمی بەشی دوهەمی وشە ناسادەکە نابرگەیی /d/ بێت، ئەوا نابرگەیی /d/ وەکوو کۆتا دەنگی بەشی یەکەمیی وشە ناسادەکەی لێدێت، هەروەکوو لەم نموونانەی تریشدا:

7) /هان/[han] + /دان/[dan] ← /هاننان/[han.nan]
/ئاو/[ʔaw] + /دان/[dan] ← /ئاووان/[ʔaw.wan]
/گوڵ/[guɫ] + /دان/[dan] ← /گوڵڵان/[guɫ.ɫan]
/سەر/[sər] + /دان/[dan] ← /سەرران/[sər.ran]

لەم نموونانەدا، پێواژۆی تواندنەوەی پێشەوە و بەتایبەتیش تواندنەوەی هەمەکیی کاردەکات، دەنگی کۆتایی بەشی یەکەمی وشە هەڵگوێزراوەکان بەهۆی هاوسێیەتییەوە کاریگەری لەسەر دەنگی یەکەمی بەشی دوهەم دەکەن و وەکوو خۆیانیان لێدەکەن.

ب- [t] ← [d]
[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [d]/__سەرەتای برگەی ناوەوە
[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]/___ [+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]___[+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]

8) /مات/[mat] +/دان/[dan] ← /ماددان/[mad.dan]
/خەت/[xət] +/دار/[dar] ← /خەددار/[xəd.dar]

لەم نموونانەدا، پێواژۆی 'تواندنەوەی دواوە-Regressive Assimilation' و بەتایبەتیش تواندنەوەی کەمەکیی کاردەکات، کاتێک نابڕگەیی /d/ی [+دەنگدار] لەپاش نابڕگەیی /t/ی [-دەنگدار]ەوە لە وشەیەکی ناسادەدا بەیەکەوە بێن، ئەوا نابڕگەیی /d/ی بەشی دوەهەمی وشە ناسادەکە کاریگەری لەسەر نابڕگەیی /t/ دەکات و بۆ [+دەنگدار] ی دەگۆڕێت. ئەمەیش لەکاتێکدا ڕوودەدات، کە نابڕگەیی /d/ بکەوێتە نێوان [+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار و [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]ەوە.

یاساکانی ژمارە (4) و ژمارە (5) یاسای پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی نابڕگەییەکانن لە وشەی هەڵگوێزراودا.

یاسای ژمارە (6): ا- [u:] ← [u]

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ← [u] /___ برگەی هێز-لاوازی ناوەوە

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ← [+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو]/___ [+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ___ [+لەراو، +پوکیی، +دەنگدار]

9) /دوور/[du:r]+/-گە/[gə] ← /دورگە/[dur.gə]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکات. کاتێک پاشگری /-گە/[gə] بۆ وشەی بنەڕەتیی /دوور/[du:r] زیاددەکرێت، لە وشە هەڵگوێزراوەکەدا برگەیی خاوی /u:/ بۆ برگەیی گرژی /u/ دەگۆڕێت. ئەمەیش کاتێک جێبەجێدەبێت، برگەیی گرژی /u/ دەکەوێتە نێوان [+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] و [+لەراو، +پوکیی، +دەنگدار]ەوە.

ب- [u] ← [u:]

[+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو] ← [+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو]/___ برگەی هێز-لەسەری ناوەوە

[+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو] ← [+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو]/___[+گیراو، +نەرمە-مەڵاشوویی، +دەنگدار]____[+گیراو، +لچولێویی، -دەنگدار]

10) /گوپ/[gup] + /ن/[n] ← /گووپن/[gu:.pɨn]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکات، لەبەرئەوەی لەپاش زیادکردنی پاشگری /n/ بۆ وشەی فەرهەنگیی /گوپ/[gup]، برگەیی گرژی /u/ بۆ برگەیی خاوی /u:/ دەگۆڕێت، کاتێک برگەیی خاوی /u:/ دەکەوێتە نێوان [+گیراو، +نەرمە-مەڵاشوویی، +دەنگدار] و [+گیراو، +لچولێویی، -دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (7): [i:] ← [i]، [i] ← [i:]

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ← [پشتەوە، +سەرەوە، -خاو]/___ برگەی هێز-لاوازی ناوەوە

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ← [پشتەوە، +سەرەوە، -خاو]/___[+لەراو، +پوکیی، +دەنگدار]____[+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار]

[+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو] ← [پشتەوە، +سەرەوە، +خاو]/___ برگەی هێز-لەسەری ناوەوە

[+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو] ← [پشتەوە، +سەرەوە، +خاو]/___[+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار]___

11) /شیرین/[ʃiri:n] + /ی/[i] ← /شیرینیی/[ʃirini:]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکات، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە لەپاش زیادکردنی پاشگری /i/ بۆ وشەی فەرهەنگیی /شیرین/[ʃiri:n]، برگەیی خاوی /i:/ بۆ برگەیی گرژی /i/ دەگۆڕێت، کاتێک برگەیی خاوی /u:/ دەکەوێتە نێوان [+گیراو، +نەرمە-مەڵاشوویی، +دەنگدار] و [+گیراو، +لچولێویی، -دەنگدار]ەوە. لەلایەکی تریشەوە، لەپاش زیادکردنی پاشگری /i/ بۆ وشەی فەرهەنگیی /شیرین/[ʃiri:n]، برگەیی گرژی /i/ بۆ برگەیی خاوی /i:/ دەگۆڕێت، کاتێک برگەیی خاوی /i:/ دەکەوێتە دوای [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار]ەوە.

یاساکانی ژمارە (6) و ژمارە (7) یاسای پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی برگەییەکانن لە وشەی هەڵگوێزراودا.

یاسای ژمارە (8): [t] ← [ф]، [s] ← [z]

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ф]/___ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ф]/___ [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]____[+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]

[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] ← [z]/___ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] ← [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار]/___ [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ____ [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]

12) /گەستی/[gəs.ti] ← /دەگەزێت/[də.gə.zet]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی و پێواژۆی تواندنەوە کاردەکەن. پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی ڕوودەدات و نابڕگەیی /t/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /t/ دەکەوێتە نێوان [+خشۆک، +پوکیی، +دەنگدار] و [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]ەوە. لەهەمانکاتدا پێواژۆی تواندنەوەی دواوە و بەتایبەتیش تواندنەوەی کەمەکیی کاردەکات، کاتێک نابڕگەیی /z/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]ەوە.

یاسای ژمارە (9): [t] ← [ф]، [ʃ] ← [ʒ]

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ф]/___ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ← [ф]/___ [+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشوویی، -دەنگدار]____[+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]

[+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشوویی، -دەنگدار] ← [ʒ]/___ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشوویی، -دەنگدار] ← [+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشوویی، +دەنگدار]/___ [+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو] ____ [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]

13) /کوشتن/[kuʃ.tɨn] ← /دەکوژێت/[də.ku.ʒet]، /بکوژە/[bɨ.ku.ʒə]

/ڕشتن/[Rɨʃ.tɨn] ← /دەڕێژێت/[də.Re.ʒet]، /بڕێژە/[bɨ.Re.ʒə]

/ناشتن/[naʃ.tɨn] ← /دەنێژێت/[də.ne.ʒet]، /بنێژە/[bɨ.ne.ʒə]

لەم نموونانەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی و پێواژۆی تواندنەوە کاردەکەن. پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی ڕوودەدات و نابڕگەیی /t/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /t/ دەکەوێتە نێوان [+خشۆک، +پوکیی-مەڵاشویی، +دەنگدار] و [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]ەوە. لەهەمانکاتدا پێواژۆی تواندنەوەی دواوە و بەتایبەتیش تواندنەوەی کەمەکیی کاردەکات، کاتێک خشۆکەکان لەکاتی شکاندنەوەدا، دەکەونە نێوان دوو بڕگەییەوە یان تەنیشت گیراوێکی [-دەنگدار]ەوە، دەبن بە [+دەنگدار]، بەمشێوەیە دیاردەی فۆنۆلۆژیی تواندنەوە لە شکاندنەوەی ئەم کردارانەدا ڕوودەدات کاتێک نابڕگەیی /ʒ/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +سەرەوە، -خاو] و [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]ەوە.

یاسای ژمارە (10): [ϕ]←[d]

[ϕ]←[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]/__ سەرەتای بڕگەی ناوەوە

[ϕ]←[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]/__[+لەراو، +پوکیی، +دەنگدار]___[+لەراو، +پوکیی،+دەنگدار]

14) /گۆڕ/[goR] + /-را/[ra] ← /گۆڕ/[goR] + /د/[d] + /-را/[ra] ← /گۆڕدرا/[goR.dra]

/هاڕ/[haR] + /-را/[ra] ← /هاڕ/[haR] + /د/[d] + /-را/[ra] ← /هاڕدرا/[haR.dra]

/ژمێر/[ʒɨ.mer] + /را/[ra] ← /ژمێر/[ʒɨ.mer] + /د/[d] + /-را/[ra] ← /ژمێردرا/[ʒɨ.mer.dra]

لەم نموونانەدا پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگیی کاردەکات، لەبەرئەوەی لەپاش زیادکردنی پاشگری (را/[ra])ی بکەرنادیار دوو دەنگی وەکیەکی نابڕگەیی بەدوای یەکدا دێن و نابڕگەیی /d/ لەنێوانیاندا هەڵدەتۆقێت. ئەمەیش کاتێک ڕوودەدات، کە نابڕگەیی /ʃ/ دەکەوێتە نێوان [+لەراو، +پوکیی، +دەنگدار] و [+لەراو، +پوکیی،+دەنگدار]ەوە. هەڵتۆقینی دەنگییش لەئەنجامی دارشتنی یەکەی گەورەتری وەک بڕگە و وشە و ڕستەوە ڕوودەدات.

یاساکانی ژمارە (8) تاوەکوو ژمارە (10) یاسای پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی نابڕگەییەکانن لە سینتاکسدا.

یاسای ژمارە (11): [u] ← [u:]

[+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو] ← [u:]/__ بڕگەی هێز-لەسەری ناوەوە

[+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو] ← [+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو]/__ [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار] __[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]

15) /نوسین/[nu.sin] ← /دەنووسم/[də.nu:.sɨm]

/نوستن[nus.tɨn] ←/دەنووم/[də.nu:m]

لەم نموونانەدا پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکات و لە ڕستەکەدا بڕگەیی گرژی /u/ بۆ بڕگەیی خاوی /u:/ دەگۆڕێت، کاتێک بڕگەیی /u:/ دەکەوێتە نێوان [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار] و [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (12): [ə]← [ϕ]

[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ← [ϕ]/__بڕگەی هێز-لاوازی ناوەوە

[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ← [ϕ]/__ [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] __ [+گیراو، +نەرمە-مەڵاشویی، -دەنگدار]

16) /پەردە/[pər.də] + /-ەکە/[ə.kə] ← /پەردەکە/[pər.də.kə]

/شوشە/[ʃu.ʃə] + /ەکە/[ə.kə] ←/شوشەکە/[ʃu.ʃə.kə]

لەم نموونانەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی کاردەکات. کاتێک وشەیەک بە نابڕگەیی /ə/ کۆتایی بێت و پاشگری (/ەکە/[ə.kə])ی ناسیاریی بۆ زیاددەکرێت، بڕگەیی /ə/ لە ئەنجامی ڕێسای 'VV*' تێدادەچێت، کاتێک بڕگەیی /ə/ دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+گیراو، +نەرمە-مەڵاشویی، -دەنگدار]ەوە.

ب- [ə]← [ϕ]

[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ← [ϕ]/__بڕگەی هێز-لاوازی ناوەوە

[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ← [ϕ]/__ [+نابڕگەیی] __ [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]

17) /خەندە/[xən.də] + /-ان/[an] ← /خەندان/[xən.dan]

/تەختە/[təx.tə] + /-ان/[an] ← /تەختان/[təx.tan]

لەم نموونانەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی کاردەکات، کاتێک وشەیەک بە نابڕگەیی /ə/ کۆتایی بێت و پاشگری (/-ان/[an])ی 'کۆ'ی بۆ زیاددەکرێت، بڕگەیی /ə/ لە ئەنجامی ڕێسای 'VV*' تێدادەچێت، کاتێک بڕگەیی /ə/ دەکەوێتە نێوان [+نابڕگەیی] و [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]ەوە. لەمبارەیەوە، د. ئەوەرحمانی حاجی مارف (1976: 59)یش لەبارەی دەنگی ڤاوڵیشەوە دەڵێت: "بەتایبەتی /ə/ کە بزوێنێکی دیکەی دێتە پاڵ تێ دەچێ". ئەم یاسا بەبێ ناوازە و خورتییە فۆنۆلۆژیانەیەو دەرئەنجامی جێبەجێبوونی ڕێسای 'VV*'ە. ڕێساکە ڕێگە لەوە دەگرێت دوو بڕگەیی بەیەکەوە بێن. شایانی باسە، کاتێک وشەیەک کۆتایی بە یەکێک لە بڕگەییەکانی /ə/، /a/، /o/، /e/ بێت و پاشگری (/-ان/[an])ی کۆ یان پاشگری (/ەکە/[ə.kə])ی ناسیاریی بۆ زیادبکرێت، ئەوا بڕگەیی /ə/ تێدەچێت.

یاساکانی ژمارە (11) و ژمارە (12) یاسای پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی بڕگەییەکانن لە سینتاکسدا.

## تەوەری دوەهەم: پێواژۆ فۆنەتیکییەکان و یاساکانیان

ئەو دیاردە دەنگیانەی، کە ئۆتۆماتیکین، بەبێ ناوازەن، پێشبینیلێکراون و فۆنەیتیکیین، واتە لەو بەرجەستەکراوەکاندا ڕوودەدەن، کە کراون بە دەنگ. ئەم یاسایانە دێنەجێبەجێکردن، هەرکە لە وشەیەک یان دەربڕدراوێکدا 'دەوروبەر- context'ێکی پێوست بۆیان هەبێت. لەوانە، ئەڵتەرناسیۆنی ئازاد، واتە دوو یان چەند جۆرێک دەربڕینی سەرپشکیی هەمان وشە یان فرێز بە دەنگ. لە 'لەبریدانانی دەنگ-Sound Substitution'دا، دەنگێک لە جێگەی دەنگێکی تر دادەنرێت، بەبێ ئەوەی کار لەسەر گۆڕینی واتا بکات، ئەم دیاردەیەیش بە دیاردەی 'ئەڵتەرناسیۆنی ئازاد-Free Alternation'

دەناسرێت. ئەگەر دەرکردەکەیش دەنگێک بێت، کە لە پێڕەوی فۆنیمەکانی زمانی کوردییدا نەبێت، ئەوا یاساکەی هەر فۆنەتیکییە، وەک /صابوون/[ṣa.bu:n] لەبری /سابوون/[sa.bu:n].

یاسای ژمارە (13): ا- /d/ ← [ϕ]

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ←[ϕ]/__ کۆتایی برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ←[ϕ]/__ [+برگەیی]____ [+گیراو، +نەرمە-مەلاشویی، -دەنگدار]

18) /زیاد/[zyad] + /کردن/[kɨr.dɨn] ← /زیادکردن/[zyad.kɨr.dɨn] ~ /زیاکردن/[zya.kɨr.dɨn]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی کاردەکات و نابڕگەیی /d/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /d/ لە وشەیەکی لێکدراودا دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو] و [+گیراو، +نەرمە-مەلاشویی، -دەنگدار]ەوە.

ب-/d/ ← [ϕ]

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ←[ø]/__ کۆتایی برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ←[ø]/__ [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار]____ [+گیراو، +نەرمە-مەلاشویی، -دەنگدار]

19) /بڵند/[bɨ.ɫɨnd] + /کردن/[kɨr.dɨn] ← /بڵندکردن/[bɨ.ɫɨnd.kɨr.dɨn] ~ /بڵنکردن/[bɨ.ɫɨn.kɨr.dɨn]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی کاردەکات و نابڕگەیی /d/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /d/ لە وشەیەکی لێکدراودا دەکەوێتە نێوان [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار] و [+گیراو، +نەرمە-مەلاشویی، -دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (14): [d] ← [ϕ]، [d]+[n] ← [ŋ]

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ϕ]/___کۆتایی برگە

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ϕ]/___[+لوتیی +پوکیی ، +دەنگدار]____

[+لوتیی +پوکیی ، +دەنگدار]+[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ŋ]/____کۆتایی برگە

[+لوتیی +پوکیی ، +دەنگدار]+[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]←[+لوتیی نەرمە-مەلاشویی، +دەنگدار]/____[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]____

20) /دەربەند/[dər.band] ← /دەربەن/[dər.ban] ~ /دەربەنگ/[dər.bəŋ]

/گوڵبەند/[guɫ.bənd] ← /گوڵبەن/[guɫ.bənd] ~/گوڵبەنگ/[guɫ.bəŋ]

لەم نموونانەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی و پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکەن. پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی دێتەجێبەجێبوون و نابڕگەیی /d/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /d/ لە وشەیەکی لێکدراودا(نازناو+ناو) دەکەوێتە کۆتایی [+لوتیی +پوکیی ، +دەنگدار]ەوە. لەهەمانکاتدا، پێواژۆی دەنگەگۆڕکێیش دێتەجێبەجێبوون، کاتێک نابڕگەییەکانی /d/+/n/ لە وشەیەکی لێکدراودا دەکەونە دوای [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]ەوە، ئەوا [+لوتیی +پوکیی ، +دەنگدار]+[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] بۆ [+ناوەڕاست،+ناوەند، -خاو] دەگۆڕێت.

یاساکانی ژمارە (13) و ژمارە (14) یاسای پێواژۆ فۆنەتیکییەکانی گۆڕانی نابڕگەییەکانن لە وشەی لێکدراودا.

یاسای ژمارە (15): [d]← [ϕ]

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ←[ϕ]/__ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار]← [ϕ]____[+لوتیی، +لچولێویی، +دەنگدار]____[+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]

21) /زام/[zam]+/دار/[dar] ← /زامدار/[zam.dar] ~ /زامار/[za.mar]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی کاردەکات و نابڕگەیی /d/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /d/ لە وشەیەکی هەڵگوێزراودا دەکەوێتە نێوان [+لوتیی، +لچولێویی، +دەنگدار] و [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]ەوە.

یاسای ژمارە (16): ا- [t] ← [ϕ]

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار] ←[ϕ]/__ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار]← [ϕ]/____[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]____[+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]

[+لایی، +پوکیی، +دەنگدار] ←[ϕ]/__ سەرەتای برگەی ناوەوە

[+لایی، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ϕ]/____ [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] ____ [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]

22) /هەڵ/[həɫ]+/ستان/[stan] ← /هەڵستان/[hə.ɫɨs.tan] ~ /هەڵسان/[həɫ.san] ~ /هەستان/[həs.tan]

/هەڵ/[həɫ]+/ستاندن/[stan.dɨn] ← /هەڵستاندن/[hə.ɫɨs.tan.dɨn] ~ /هەڵساندن/[həɫ.san.dɨn] ~ /هەستاندن/[həs. tan.dɨn]

لەم نموونانەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی کاردەکات و نابڕگەیی /t/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /t/ لە وشەیەکی هەڵگوێزراودا دەکەوێتە نێوان [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] و [+ناوەڕاست، +خوارەوە، -خاو]ەوە. هەروەها دەکرێت نابڕگەیی /ɫ/ تێدابچێت و نابڕگەیی /t/ بمێنێتەوە، کاتێک نابڕگەیی /t/ لە وشەیەکی هەڵگوێزراودا دەکەوێتە نێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]ەوە.

یاساکانی ژمارە (15) و ژمارە (16) یاسای پێواژۆ فۆنەتیکییەکانی گۆڕانی نابڕگەییەکانن لە وشەی هەڵگوێزراودا.

یاسای ژمارە(17): [d] ← [ϕ]

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ϕ]/__ کۆتایی برگەی ناوەوە

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [ϕ]/__[+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار]__[+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار]

23) /بڵند/[bɨ.ɫɨnd] +/ تر/[tɨr] ← /بڵندتر/[bɨ.ɫɨnd.tɨr] ~ /بڵنتر/[bɨ.ɫɨn.tɨr]

لەم نموونەیەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی کاردەکات و نابڕگەیی /d/ تێدادەچێت، کاتێک نابڕگەیی /d/ لە فرێزێکدا دەکەوێتە نێوان [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار] و [+گیراو، +پوکیی، -دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (18): [ɸ] ← [r]، [ɸ] ← [y]

[ɸ] ← [+لەراو، +پوکیی ، +دەنگدار]/___ سەرەتای برگەی ناووەوە

[ɸ] ← [+لەراو، +پوکیی ، +دەنگدار]/___[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]____[+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]

[ɸ] ← [+نیمچە-نابڕگەیی، +ڕەقە-مەڵاشویی، +دەنگدار]/___ سەرەتای برگەی ناووەوە

[ɸ] ← [+نیمچە-نابڕگەیی، +ڕەقە-مەڵاشویی، +دەنگدار]/___[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]____[+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]

24) /کتێب/[kɨ.teb] + /ەکە/[ə.kə] + /م/[m] +/ب/[b] +/دە/[d]+ /ێ/[e]←/کتێبەکەم بدەرێ/[kte.bə.kəm.bɨ.də.ye] ~ /کتێبەکەم بدەرێ/[kte.bə.kəm.bɨ.də.re]

لەم نموونانەدا پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگیی کاردەکات، لەبەرئەوەی لەپاش زیادکردنی پاشگری /e/ دوو دەنگی برگەیی لە فرێزێک یان ڕستەیەکدا بەدوای یەکدا دێن، بەم هۆیەوە نابڕگەیی /r/ یان نیمچە-نابڕگەیی /y/ لەنێوان [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو] و [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]دا وەک دەرئەنجامێکی ڕێسای '*VV' هەڵدەتۆقێت.

یاساکانی ژمارە (17) و ژمارە (18) یاسای پێواژۆ فۆنەتیکییەکانی گۆڕانی نابڕگەییەکانن لە سینتاکسدا.

یاسای ژمارە (19): [ə] ← [ɸ]، [d] ← [ɸ]

[+ناوەڕاست، +نزم، -خاو] ← [ɸ]/___ برگەی هێز-لاوازی ناووەوە

[+ناوەڕاست، +نزم، -خاو] ← [ɸ]/___ [+لایی، +پوکیی، +دەنگدار] ___[+ناوەڕاست، +نزم، -خاو]

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [n]/___ سەرەتای برگەی ناووەوە

[+گیراو، +پوکیی، +دەنگدار] ← [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار]____[+ناوەڕاست، +سەرەوە ، -خاو]

25) /ناڵە/[na.lə]+/اندن/[an.dɨn]←/ناڵاندن/[na.lan.dɨn] ~ /ناڵانن/[na.lan.nɨn]

/قیژە/[qe.ʒə] + /اندن/[an.dɨn] ← /قیژاندن/[qi.ʒan.dɨn] ~ /قیژانن/[qi.ʒan.nɨn]

لەم نموونانەدا پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی و پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکەن. پێواژۆی تێداچوونی دەنگیی جێبەجێدەبێت و برگەیی /ə/ تێدادەچێت، کاتێک برگەیی /ə/ دەکەێتە نێوان [+لایی، +پوکیی، +دەنگدار] و [+ناوەڕاست، +نزم، -خاو]ەوە. بەمشێوەیە، کاتێک وشەیەک بە دەنگی /ə/ کۆتایی بێت و پاشگری /اندن/[an.dɨn]ی بۆ زیاددەکرێت، برگەیی /ə/ لە ئەنجامی ڕێسای '*VV' تێدادەچێت. لەهەمانکاتدا، نابڕگەیی /d/ تێدادەچێت، کاتێک دەکەوێتە نێوان [+لوتیی، +پوکیی، +دەنگدار] و [+ناوەڕاست، +سەرەوە ، -خاو]ەوە.

یاسای ژمارە (20): [ɸ] ← [y]، [i:] ← [i]، [i:] ← [e]

[ɸ]←[+نیمچەنابڕگەیی، +ڕەقە-مەڵاشویی، +دەنگدار]/____ سەرەتای برگەی ناووەوە

[ɸ]←[+نیمچەنابڕگەیی، +ڕەقە-مەڵاشویی، +دەنگدار]← [+پێشەوە، +سەرەوە، -خاو]____[+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]

[+پێشەوە، +سەرەوە، +خاو]← [i]/____کۆتایی برگەی ناووەوە

[+پێشەوە، +سەرەوە، +خاو]← [+پێشەوە، +سەرەوە، -خاو]/____[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]____[+نیمچەنابڕگەیی، +ڕەقە-مەڵاشویی، +دەنگدار]

[+پێشەوە، +سەرەوە، +خاو]← [e] /____کۆتایی برگەی ناووەوە

[+پێشەوە، +سەرەوە، +خاو]← [+پێشەوە، +ناوەند، -خاو]/____[+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار]____[+گیراو، +نەرمە-مەڵاشویی، -دەنگدار]

26) /ماسیی/[ma.si] + /ەکە/[ə.kə] ← /ماسییەکە/[masi.yə.kə] ~ /ماسێکە/[ma.se.kə]

/کورسیی/[kur.si] + /ەکە/[ə.kə] ← /کورسییەکە/[kur.si.yə.kə] ~ /کورسێکە/[kur.se.kə]

لەم نموونانەدا پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگیی و پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکەن. پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگیی دێتەجێبەجێبوون، کاتێک پاشگری /ەکە/[ə.kə] دەچێتەسەر ناوێک و نیمچە-نابڕگەیی /y/ لەنێوان [+پشتەوە، +ناوەند، -خاو] و [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]دا هەڵدەتۆقێت. هەروەها، پێواژۆی دەنگەگۆڕکێیش جێبەجێدەبێت و برگەیی خاوی /i:/ بۆ برگەیی گرژی /i/ دەگۆڕێت، کاتێک برگەیی /i:/ لە فرێزێک یان ڕستەیەکدا دەکەوێتە نێوان [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] و [+نیمچەنابڕگەیی، +ڕەقە-مەڵاشویی، +دەنگدار]ەوە. لەلایەکی تریشەوە، پێواژۆیەکی تری دەنگەگۆڕکێ جێبەجێدەبێت و برگەیی خاوی /i:/ بۆ برگەیی گرژی /e/ دەگۆڕێت، کاتێک برگەیی /i:/ لە فرێزێک یان ڕستەیەکدا دەکەوێتە نێوان [+خشۆک، +پوکیی، -دەنگدار] و [+گیراو، +نەرمە-مەڵاشویی، -دەنگدار]ەوە.

یاسای ژمارە (21): [ɸ] ← [w]، [u:] ← [u]، [u:]← [o]

[ɸ] ← [+نیمچە-نابڕگەیی، +لچولێویی، +دەنگدار]/___ سەرەتای برگەی ناووەوە

[ɸ] ← [نیمچە-نابڕگەیی، + لچولێویی، +دەنگدار]/___[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو]____[+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ← [u]/___کۆتایی برگەی ناووەوە

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ← [+پشتەوە، +سەرەوە، -خاو]/___[+نابڕگەیی]___[+نیمچەنابڕگەیی، +لچولێویی، +دەنگدار]

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ← [o]/___کۆتایی برگەی ناووەوە

[+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] ←[+پشتەوە، +ناوەند، -خاو]/___[+نابڕگەیی]___[+گیراو، +نەرمە-مەڵاشویی، -دەنگدار]

27) /خانوو/[xa.nu:]+ /ەکە/[ə.kə] ← /خانووەکە/[xa.nu.wə.kə] یان /خانۆکە/[xa.no.kə]

/شاتوو/[ʃa.tu:]+ /ەکە/[ə.kə] ← /شاتووەکە/[ʃa.tu.wə.kə] یان /شاتۆکە/[ʃa.to.kə]

لەم نموونانەدا پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگیی و پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ کاردەکەن. پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگیی دێتەجێبەجێبوون، کاتێک پاشگری /ەکە/[ə.kə] دەچێتەسەر ناوێک و نیمچە-نابڕگەیی /w/ لەنێوان [+پشتەوە، +سەرەوە، +خاو] و [+ناوەڕاست، +ناوەند، -خاو]دا هەڵدەتۆقێت. هەروەها، پێواژۆی دەنگەگۆڕکێیش جێبەجێدەبێت و بڕگەیی خاوی /u:/ بۆ بڕگەیی گرژی /u/ دەگۆڕێت، کاتێک بڕگەیی /u:/ لە فرێزێک یان ڕستەیەکدا دەکەوێتە نێوان [+نابڕگەیی] و [+نیمچەنابڕگەیی، +لچولێویی، +دەنگدار]ەوە. لەلایەکی تریشەوە، پێواژۆی دەنگەگۆڕکێ جێبەجێدەبێت و بڕگەیی خاوی /u:/ بۆ بڕگەیی گرژی /o/ دەگۆڕێت، کاتێک بڕگەیی /u:/ لە فرێزێک یان ڕستەیەکدا دەکەوێتە نێوان [+نابڕگەیی] و [+گیراو، +نەرمە-مەڵاشویی، -دەنگدار]ەوە. بەمشێوەیە دەردەکەوێت، کە بەنیمچە-نابڕگەییبوونی بڕگەیی وەک دەرئەنجامێکی ڕێسای 'VV*'ە لە زمانی کوردییدا.

یاساکانی ژمارە (19) تاوەکوو ژمارە (21) یاسای پێواژۆ فۆنەتیکییەکانی گۆڕانی بڕگەییەکانن لە سینتاکسدا.

## ئەنجام:

دەتوانرێت ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە خاڵانەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:

1- هەر یاسایەکی پێواژۆکان چەپکە نیشانەی فۆنەتیکیی تایبەت بە خۆیی هەیە و جیاوازە لە یاسای پێواژۆیەکی تر.

2- پێواژۆ فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکان بەسەر پیواژۆ فەرهەنگیی و دوا-فەرهەنگییەکاندا دابەشدەبن، لەهەمانکاتدا پێواژۆکان و یاساکانیان بەسەر بڕگەیی و نابڕگەییەکانیاندا دابەشدەبن.

3- دیاردە فۆنەتیکییەکان فرە چەشن و جۆرە و زۆرترین یاسایان هەیە، وەک لەوانەی فۆنۆلۆژییەکان.

4- دیاردەی گۆڕانی فۆنۆلۆژیانەی [-دەنگدار] بۆ [+دەنگدار] لە پرۆسەی دروستکردنی وشە لێکدراو و هەڵگوێزراوەکاندا بەسەر هەموو خشۆکەکانی زاری کرمانجی ناوەڕاستدا جێبەجێدەبێت.

5- یاسای 'هەڵتۆقینی نیمچە-نابڕگەیی-Semi-vowel epenthetic'ەکان لەنێوان دوو بڕگەییدا وەک دەرئەنجامێکی ڕێسای 'VV*'ەوە بەربڵاوترن، وەک لە یاساکانی هەڵتۆقینی نابڕگەییەکان.

## سەرچاوەکان:


1- حاجی مارف. ئەورەحمان، 1976، زمانی کوردی لەبەر ڕوشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

2- ساڵەح. دڵشاد غالی & عەلی. پێشڕەو ساڵەح، 2019، پرۆسە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، پێنجەمین کۆنفرانسی زانستیی زانکۆی گەرمیان.

3- سەعید. سازان زاهیر، 2020، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

4- عەلی. تاڵیب حوسێن، 2015، دەنگسازی: چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

5- فەتاح. محەمەد مەعروف، 1990، زمانەوانی، هەولێر.

6- محێدین، بازیان یونس، 2013، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

7- مەحوی. محەمەد، 2008، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنەتیك، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

8- مەحوی. محەمەد، 2008، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی.

9- مەحوی. محەمەد، 2010، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

10- مەحوی. محەمەد، 2016، مەنامە، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

11- مەحوی. محەمەد، 2020، باری بکەرنادیار، چاپی یەکهەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

12- مەحوی. محەمەد، 2021، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، (مۆرفۆلۆژیی کوردی) بەرگی یەکهەم و دوهەم، چاپی یەکهەم، سلێمانی.

13- هەورامانی. محەمەد ئەمین، 1973، فۆنەتیکی زمانی کوردیی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

14- ئەمین. وریا عومەر، 2009، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

15- عەلی. تاڵیب حوسێن، 1989، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

16- شاڵی. دولبەر ئیبراهیم فەرەج، 2000، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

17- Akmajian, A., Farmer, A.K., Bickmore, L., Demers, R.A. and Harnish, R.M., 2017. *Linguistics: An introduction to language and communication*. MIT press.

18- Al-Khauli, M.A., 1982. A Dictionary of Theorical Linguistic (English-Arabic). *Libanon: Librarie du Liban*.

19- Aronoff, M., 1976. Word formation in generative grammar. *Linguistic Inquiry Monographs Cambridge, Mass*, (1), pp.1-134.

20- Booij, G., 1985. The interaction of phonology and morphology in prosodic phonology. *Phono-morphology: Studies in the interaction of phonology and morphology*, pp.23-34.

21- Bussmann, H., Kazzazi, K. and Trauth, G., 2006. *Routledge dictionary of language and linguistics*. Routledge.

22- Carr, P., 2015. *Phonology: an introduction.* Macmillan International Higher Education.

23- Crystal, D. and Alan, C.L. eds., 2023. *A dictionary of linguistics and phonetics*. John Wiley & Sons.

24- Crystal, David. *A dictionary of linguistics and phonetics*. John Wiley & Sons, 2011.

25- Fattah, M.M. and Qadir, S.R., 2006. ĉend Layeněkî Morfologî kurdî (Some Aspects of Kurdish Morphology). *Sualeimanî: Rûn Press house*.

26- Giegerich, H.J., 1999. *Lexical strata in English: Morphological causes, phonological effects* (Vol. 89). Cambridge University Press.

27- Katamba, F., 1989. *An introduction to phonology* (Vol. 48). London: Longman.

28- Kiparsky, P., 1982. Word-formation and the lexicon. Mid-America Linguistics Conference.

29- Kiparsky, P., 1985. Some consequences of lexical phonology. *Phonology*, *2*, pp.85-138.

30- Mohanan, K.P., 1982. *Lexical phonology* (Doctoral dissertation, Massachusetts Institute of Technology).

31- Mohanan, K.P., 1985. Syllable structure and lexical strata in English. *Phonology*, *2*(1), pp.139-155.

32- Orlando, Benedito António, Danito Júlio Raivoso, and Ximane Atumane Adamo, 2017. Lexical Phonology and Morphology model Lexical Strata, university of Pedagogica Quelimane.

33- Pierrehumbert, J., 1990. Phonological and phonetic representation. *Journal of phonetics*, *18*(3), pp.375-394.

34- Salih, D, 2014. Acquisition of second language: Critical analysis of Kurdish adult L2 learners' acquisition of English verbal inflectional morphology (past tense -ed, university of Bangor.

**Phonetic and Phonological Processes in Kurdish (Central Dialect)**

Dlshad Ghali Salih [1]

Mohammed Abdulfattah Hamasaeed (Mohammadi Mehwi) [2]

[1] Department of Kurdish Langauge, College of Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq

[2] Department of Kurdish Langauge, College of Languages, University of Slemani, Slemani, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

This research is entitled "Phonetic and Phonological Processes in Kurdish (Central Dialect)", which is a study of phonology in morphological and syntactic structures. In particular, it is the study of the rules of compound and derivational word processes; and the distinction between the rules of morphological and syntactical processes. The aim of the study is to present the relationship of lexicon and phonology to internal morphological structure and to syntactic structure. Moreover, the research is applied to the linguistic system of Kurdish Central Dialect. The synchronous approach of the research is descriptive analysis and comparative approach. Moreover, Empirical research is conducted on examples and data of the language data are taken from the speech of Kurdish speakers of the Central Kurdish dialect-Slemani; and the research of grammarians and linguists on this language will be used. The research is implemented and interpreted according to the theory of lexical phonology and morphology.

The research consists of two main parts besides introduction and conclusion.

Part One: Deals with phonetics and phonology from the perspective of the theory of lexical phonology and morphology.

Part 2: Studies on the rules of phonological and phonetics processes with necessary examples in Kurdish language.

**Keywords:** process, phonological rules, phonetics phenomena, lexical phonology, word-formation